


## پۆلیسی فنلاندا

ئەرکی سەرشانی پۆلیس لە فنلاندا پاراستنی یاسا و نەزمی کۆمەڵگایە، ئاگاداری لە نەزم و ئاسایشی گشتی هەروەها بەرگرتن بە تاوانکاری، وشوێن کەوتنی و بەدەستهێنانی هەلسەنگاندن لە تاوانەکان وناردنی بۆ دادبەری گشتی. هەروەها پۆلیس چاودیری چەندین کاروباری ئاسایشی تر لەپەیوەند بە ئەرکی ئیداری مۆڵەتەکانەوە دەکات.

## پۆلیس خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات

لە فنلاندا 24 بنکەی پۆلیس هەیە، کە بەهەموویانەوە نزیکەی 180 یەکەی خزمەتگوزاریان هەیە. هەموو بنکەکانی پۆلیس شەوانە رۆژییان نیە.

پۆلیسی محەللی لە کاروبارەکانی ناوچەکەی خۆی لەپەیوەند بە ئاسایشەوە لێپرسراوە، وەك چاودێری هات وچۆ، لێکۆلینەوە لە تاوانەکان و خزمەتگوزاری مۆڵەتدان. خزمەتگوزاریەکانی مۆلەتی پۆلیس هەروەها لە چەندین بنکەی خزمەتگوزاری هاوبەشیش ئەنجام دەدرێ.



## 112 ژمارەی فریاگوزاری گشتی

کاتێك پێویستیت بە یارمەتی دەست بەجێ هەبێت، تەلەفون بۆ ژمارەی 112 ی فریاگوزاری گشتی بکە.

لە کاتی تەلەفون کردن بۆ ژمارەی فریاگوزاری گشتیدا پێویست بە لێدانی کۆدی هیچ شوێنێك ناکات، تەنانەت لە مۆبایلیشەوە کاتێك تەلەفون دەکەیت هەر پێویست ناکات. تەلەفون کردن بۆ ژمارەی فریاگوزاری گشتی لە هەموو تەلەفونەکانەوە بەخۆڕاییە.






## لێکۆڵینەوە لە تاوانکاری

لێکۆڵینەوە لە تاوانکاری بە گشتی لە ئەستۆی بنکەی پۆلیسی شوێنی تاوانەکەیە. دەتوانرێ سکاڵانامە لە هەر شوێنێك بکرێت، وە پێویستە لەسەر ئەو بنکەی پۆلیسەی کە سکاڵانامەکە وەردەگرێت بۆ شوێنی مەبەستی دەگەیەنێ.

ئەگەر هۆیەك بۆ گومان کردن لەوەی کە تاوانێك لە ئارادایە بەدەستەوە بێت، ئەوا پۆلیس لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەست پێ دەکات. بەڵام بۆ هەموو سکاڵانامەیەك مەرج نیە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ئەنجام بدرێ.

## نەزم وئاسایشی گشتی

پۆلیس لێپرسراوە لە نەزم و ئاسایشی گشتی شوێنەکان لەڕێگەی گەڕان بەناو شوێنەکاندا وەك مەفرەزە، بەئەنجام گەیاندنی کاروبارە فریاگوزاری و دەستبەجیەکان، نەزم و ئاسایشی بۆنە وڕووداوە گەورەکان، پێشکەش کردنی ڕاوێژ و ڕێنوێنی هەروەها بەرگرتن لە هەر کردەوەیەکی دژی یاسایی.






## چاودێری هات وچۆ

چاودێریەکانی هاتو چۆی پۆلیس زۆرتر چاودێریە له خێرایی هات وچۆ، بەکارهێنانی ئەلكحول و ماكی گێژكەر، بەکارهێنانی ئەو شت وئامرازانەی كه بۆ ئاسایش خۆ وگشتیيە و هەروەها لەسەر مەترسی وریسکی شۆفیری کردن. ئەرکی پۆلیس ئەوەیە كه بەر بە هەر هەلس وكەوتێك بگرێت كه یاساكانی هات وچۆ پێشێل دەكات.

پۆلیسی محەللی به پلەی سەرەكی چاودێری هاتو چۆ له ناو شاردا دەكات و پۆلیسی هات وچۆیش له پلەی یەكەمدا چاودێری له رێگا گشتی وسەرەكیەكان دەكات.

## خزمەتگوزاریەکانی دانی مۆڵەت

پۆلیسی محەللی لێپرسراوە لە خزمەتگوزاریەکانی دانی مۆڵەتی دانیشتوانی ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆی. خزمەتگوزاریەکانی مۆڵەت دان هەروەها لە چەندین بنکەی خزمەتگوزاری هاوبەشیش پێشکەش دەکرێت. پاسپۆرت، ناسنامە، مۆڵەتی شوفێری، مۆڵەتەکانی کەسانی بێگانە و مۆڵەتەکانی چەك وتەقەمەنی بریتین لە زۆربەی ئەو مۆڵەتانەی کە لەلایەن پۆلیسەوە دەدرێن. لە پەیوەند بە کاروباری ئەم مۆڵەتانەوە پێویستە لانی کەم جارێك سەردانی بنکەی پۆلیس یان بنکەی خزمەتگوزاری هاوبەش بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت داواکارەکە بناسرێت. بۆ ئەم مۆڵەتانە پارە وەردەگیرێت.

فۆرمەکانی داوای مانەوە وژیان لە دەرەوەی وڵات و مۆڵەتی کارکردن وهەروەها هی ڤیزایش دەبێ بۆ سەفارەتەکانی فنلاندا ببرێن.



# شت ومەکی دۆزراوە

هەر شتێك كە دەدۆزیتەوە دەبێت خاوەنەكەی لێ ئاگادار بكەیتەوە یان بیدەیتە دەست پۆلیس. شت ومەكێك كە بەدەست هێنانی یان هەڵگرتنی قەدەغەیە وەیان پێویست بە مۆڵەت وەرگرتنی كاربەدەستان دەكات، بۆ نموونە وەك ماكی گێژكەر، ئەلكحولی نایاسایی و چەك، دەبێت دەست بەجێ بدرێتە دەست پۆلیس.

خاوەنی شت ومەكێك كە دۆزراوەتەوە مافی ئەوەی هەیە شتەكانی وەربگرێتەوە، ئەگەر خەڵاتی دۆزینەوە بە كەسەكەی كە بۆی دۆزیوەتەوە بدات یان خەرجی دۆزینەوەكە ئەگەر هەبێت، بدات.





## زانیاری زیاتر

www.poliisi.fi
www.polis.fi
www.police.fi